له كویٚ بوون!!!
ئه و كاتانه ی عیساكانی وڵات له خاچ ئه دران
جریوه كان به ده م سرودی نیشتیمانیه وه ئه درانه به ر ده ستریژ
له كووێ بوون!!!
ئه و كاتانه ی كۆسته ره كان پیٚش پیكابی به عسیٚكان ئه كه وتنو
كۆڵانه كانیان ئه نفال ئه كرد
له كویٚ بوون!!!

# ئاوابوون!!

پیٚشكه شه به خۆزگه كوژراه كانی نیشتیمان!

نامۆ سامان

له سه ر ریٚدا
له سه ر ریٚ حه سره تی دڵ
له سه ر ریٚ نزیكبوونه وه ی په نجه كان به خاك
سه ربرینی سیٚبه ره شیٚداره كانی ئه و دیوو سنوری ڕۆحو
گه یاندنی په نجه كان به ئاگر
گه یاندنی ته زووه ڕۆحه كانی ئه شق
گه یاندنی حه زه ژه هراویٚكان
له سه ر ریٚیٚ خاچه ئه نفالكراوه كان
له سه ریٚیٚ په رینه وه ی نهیٚنیه كان
گه رانه وه بۆ ساته كانی ته مه ن
گه رانه وه بۆ كراسه كه ی {یوسف}و
جریوه كوژراوه كانی نیشتیمان
قردیٚله یه ك سلاٚوی لیٚكردم
قردیٚله یه ك چاوانی وه ك پیرۆزه ی شین
خه نده كانی ره نگ ئه رخه وانی، پرچ زه رد
روانینه كانی ئاشكرا به رۆح
حه زه كانی ته ر پر له شه هوه ت
له سه ر شۆسته ی گومانی دڵ به خه نده یه ك رۆشنكردم
پیٚم ووت :سلاٚو خانم سلاٚو



www.kurdistannet.org

به هه ناسه یا ناسیمه وه
ئه و خانمه بوو که له باوه شیا نامۆی بژار ده کردم
ئه و خانمه بوو که په نجه کانی به نێو ره زی سینه مدا جێهشتبوو
ئه و خانمه بوو که نهێنی دڵداره درۆزنه کانو
ئه شقه مردۆکانی لا درکاندم
پێی ووتم مه رۆ. . . پێی ووتم مه رۆ
ئه م شه وه یش میوانم به
میوانی شه وی ته نیایو کافیێ گه رمم به
رۆیشتم. . .
له فارگۆنی شه مه نه فه رێکدا
نێرگه له ی پاڵتۆیه کم داگیرساند
ماندوو بوون له هه ناسه یا به دیار دوکه ڵی ته نیاییه وه ئه ی روانی
ماندوو بوون له چاوه کانیا به دیار رنینه وه ساته سه رابێکندا هه ڵکورما بوو
ناسیمه وه. . هه ناسه یه ک
وه ک هه ناسه ی ماندووی باوکم
به دله یه کی شین هه ر زوو جێمهشت
له ئێسگه دا شۆفێره که جامتاکه ی بۆ هه ڵگرتم
ئه و شۆفێره بوو که ساڵی پار ئالێره وه
ده ستی ماڵئاوای بۆ راوه شاندم
من ئه و کاته مێرد منداڵیک بووم له تاو قامچی پیاوانی سوڵتان له غاردا بووم
من ئه و کاته هه رزه کارێک بووم ئاشق
له خۆشه ویستی زیاتر وه ک ئه لفو بێ سیاسه ت هیچی ترم نه ده زانی
زه ووی پێکانی هه ڵگرتبووم
تا سنوور هه رچوار ده وری ته مه نم
لوره لووری پیاوانی کاسه لێسی ئاغا بوو
من ئه و کاته کوره شوانێک بووم دڵی کچانی ئاوایم دزیبوو
من ئه و کاته شه و دزه م ده کرد
خۆم له ئه شقا هه ڵکردبوو
له سه ر سنور رایان گرتم
بێشه رمانه هه ر دوو ده ستیان پێهه ڵبریم
به گومانه وه ئه یان روانی لێم
به گومانه وه پێناسه که یان لێوه رگرتم
لێیان پرسیم له کوێ بوویت؟؟
له نه فره تی ئه م پسیاره دا
گه رانه وه بۆ وڵاته سه رابێکان



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
11-9-02 23:10:39
گه رانه وه بۆ هه ناسه ژه هراویێکانو
ووشه که له پچه کراوه کانی نیشتیمان
له به ر خۆمه وه به چپه به هه ناسه ی خۆمدا چپاندم
ئه ی ئێوه له کوێ بوون
کاتێ لاشه بچوکه کان بۆ به ر پێ مه رگ راده کێشران
کاتێ سێبه ره کان به قولاپی به عسدا هه ڵده واسران
له کوێ بوون
کاتێ هه ناسه ژه هراویێکان به ته نافی مه رگدا له خاچ ئه دران
له کوێ بوون
ئه و کاتانه ی مه مکه کان پوچه ڵ کرانه وه له
حه زه ژه هراویێکاندا هه ڵده کێشران
له کوێ بوون
ئه و کاتانه ی لاشه کان به دوو په نجه ئه خرانه ته نه که ی به عسه وه
مه رگ له ژێر سێبه ری ئه و شاره دا ئه باری
له کوێ بوون
ئه و کاتانه ی ئێمه له کیشوه رێکی وونا
له ولاتێکی بێ یاسا و بێ ئابروودا
سه ری به رزمان خستبووه کۆشمانه وه
هه نگاومان به سه ر بزمارێژی ته مه ندا ئه نا
له کوێ بوون
ئه و کاتانه ی ئیتر هیچ شتێک نرخی نه ما بۆ ووتن
هه ڵوێست به ته نافی به عسدا هه ڵده واسرا
له کوێ بوون
ئه و کاتانه ی زیلی ئه نفال هه ناسه کانی بۆ کارگه ی ژه هر به رێ ده کرد
لاشه سپیو سۆڵه کانی له بازاری ئه نفالدا هه راج ده کرد
له کوێ بوون
ئه و کاتانه ی عیساکانی ولات له خاچ ئه دران
جریوه کان به ده م سرودی نیشتیمانییه وه ئه درانه به ر ده ستریژ
له کوێ بوون
ئه و کاتانه ی کوسته ره کان پێش پیکابی به عسێکان ده که وتن
کۆڵانه کانیان ئه نفال ده کرد
جاده کانیان به دووی خۆیاندا راده کێشا
ولات له چنگی ده عبایه کدا هه ڵنجی ئه دا
له کوێ بوون
ئه و کاتانه ی وه نه وشه کانی قه راغ ئێواره ی ئه نفال

به به رده م سویٚسکه ی شاردا ئه بران بۆ مه رگ
پۆله کانیان به کورسو ته خته ی ره شه وه ئه دایه به ر پۆستاڵ
له کویٚ بوون
ئه و کاتانه ی ئاسمان گه زیٚکی نه ما بۆ فرین
زه وی بستیٚ خاکی نه ما بۆ لاشه ژه هرایٚکان
له کویٚ بوون له کوییییییییییییییییییییییییییییٚ
له نه فره تی ئه م پرسیاره دا
هه موویانم وه ک ده موچاوی خۆم هاته وه یاد
به پیلاٚوه کانیانه ناسیمنه وه هه مان چه ک له شان بوون که سالی پار ئالیٚره وه
له سه ر دۆزه خی ئه م سنوره ده ستکرده وه
له سه ر لاشه ی ئه م مرۆڤه وه شویٚن پیٚیان هه لگرتبووم
بۆ که ولٚی حه زه کانم، کاسه ی ئه یٚینم
سه دان جار گره ویان له سه ر کردووم
سه دان جار له مه زادخانه ی بوده لٚه کاندا
وه ک کالٚه هه راج کراووم
نیوه رۆ بوو. . . ئاسمان وه ک ئه وه ی ماندوو بیٚت ته لٚخ ئه یروانی
به رده شینه داغکراوه کانی قه راغ شۆسته ی دلٚ
هه ناسه یان لیٚبرابوو. . بیٚهیوا ئه یانروانی
پیٚکانم هه ر وه ک جار زه وی له خۆی نا ئه گرت
ولاٚت له باوه شی ده عبایه کدا ئاره قی شه رمه زاری لیٚده تکا
منداڵه بچکۆله کان. . . منداڵه بۆیاخچییه کان
خه می مرۆڤ له چاوه کانیان گه وره ده بوو
پیلاٚو پیلاٚو ده گه ران خالٚه بۆیاخی ناکه یت
هه رچه ند ئه ده یت به زیاد بیٚت
منداڵیٚکم بینی یه خه ی کراسه که ی ده کرۆژت
منداڵی خۆم هاته وه یاد موچورکیٚک ته زاندمی
له دووره وه سه رپۆشه که ی دایکم بینی
به ده ست جامبازیٚکه وه نرخیٚکی زۆر هه رزانی له سه ر دانابوو
له دووره وه تارماییه کم بینی
به ژنی وه ک به ژنی کجیٚنی دایکم
به ژنی وه ک به ژنی گولٚم وه ک بالاٚکه ی شه م
ده نگیٚ هاته گویٚم. . هه ناسه یه ک وه ک نووزه ی دایکم
قریشکه یه ک. . کپ کپ لاواز ئه هاته گویٚ
هه ناگاوی تارماییه ک تا ده هات
له نیٚو جه نگه لٚی سوپای دۆراودا

www.kurdistannet.org

هه نگاوه كانی خوارو خێچ
به ژنی له نێو تارمای حه زه سه ربراوه كاندا
ئاره قی شه رمه زاری نهێنێكانی لێده تكا
ئێستاكه له و ولآته دا هه موو شتێك روونو ئاشكرایه
وه ك حه زه سه ربراوه كانتان
وه ك ئه شقه درۆزنه كانتان
ته نها مرۆڤه كه گومانی تێدایه
هه ڵوێستێك به سه ر سامییه وه ئه یروانی لێم
ناسیمه وه. . .
پرچی بێئابرووی له نێو دۆزه خی ئه م نیوه رۆ خه ڵكه دا
زۆر هه رزان هه راج ده كرد
نیوه رۆ بوو. .
خۆر به تاقی ئاسمانه وه شایه ت بوو
كه چۆن خوا په نجه ی نه فره ت بۆم ئه م مرۆڤه درێژ ده كرد
مناڵه بۆیاخچێكان. . .
نه ده مرن. .
نه گه وره. .
نه تێر. . . .
خوا سه ر سامه و په نجه ی په شیمانی ده گه زێ
سوڵتانه كان. . .
نه ده مرن. .
نه پیر. .
نه برسی. .
خوا سه ر سامه و مرۆڤ له م دورگه یه دا
ره مزی دزێوترین عه نتیكه خانه ی مێژووه
شه قاوێ دوو شه قاو
هێنده ی شه رمه زاری رۆژه كان
هێنده ی نزیكبوونه وه ی په نجه كان به خاك
دایكم لێم نزیك بۆته وه
جامتاكه م هه ڵگرتوو به پێڵاوه شاخداره كانم ووت:
بم به خشن به هه ڵه هاتوومه ته ولآته
بم به خشن وام زانی نیشتیمانه كه ی خۆمه
پشتم تێكردن ئه مجاره یان له ناو ناخی خۆمدا ئه نفالم كرد